مەسعود بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات

مەسعود بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

ئەمە پێنجشەممە (12ـی ئەیلوولی 2024) لە شاری هەولێر، لە چوارچێوەی سەردانەکەی سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە مەسعود پزیشکیان سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد.

لەو دیدارەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە ئاوگەڵ کرا و هەروەها جەخت لەسەر هەماهەنگی و پەرەپێدانی پێیوەندییەکان لە بواری سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرایەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی بارەگای سەرۆکی پارتی، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا مەسعود پزیشکیان سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمی بانگهێشتی مەسعود بارزانی کرد بە سەردانیکردنی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران.